www.kurdistannet.org
29-1-2006 18:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوللەحاجی؟! ... ئاسۆعەبدوللەتیف

دایکم هەموو جارێ کە باران ئەباری ئەیگووت (ئەوەنەی خەلەی خەرمانان، ئەوەنەی سەیلاتی باران، ئەوەنەی ئەرزو ئاسمان ئەوەنە سلاوات بێ لە دیار محمد ) (ێ) منیش ئەم جەژنە کە ئەو هەموو بارانە باری و حەوت حاجیشمان لەماڵی خوا نەگەرانەوە ووتم ئەوەندەی دنکە بارانەکان سلاوات لەحاجیانی کوردویاخوا بەخێر بێنەوە و موفورك و بوغوردوداری عودوگولاوو زەمزەمتان بەدیاری هێنا،

بەلام بەخوا نایشارمەوە ماشەللا لە رەزیلی حاجیانی ئەم سەردەمە نەبێ، ئاخر وەك حاجیانی جاران نین، بەوە نییە قوربانی ئەکەن و بەرخۆلەکان سەر ئەبرن، جاران حاجی کە ئەهاتەوە لە حەج قەدری ئەو حەجەی ئەزانی چونکە هیلاکی و زەجروکۆلبەری و برسێتی و گەرمیان و کوێستان و بیابانی زۆری ئەکێشاو کە ئەهاتەوە بەماڵدا فیوزاتی لێ ئەباری وخۆی لێ ئەبویە سەحابی و وای ئەزانی دنیا ئەشکەوتی حەرایە و بەراستی دلپاك و سەخی و نانبدەش بوون و تفیان بەدەرمان ئەشا، لێ ئێستە وانیە حاجی بە کەماڵی ئیسراحەت و بەتەیارە لە بەکرەجۆو دەشتی هەولێرەوە بە عەنەزەوە، فوویەك بە چواردەوری خۆیانا ئەکەن و بە دووسەعات لە خاکی پیرۆز پێوقدوم ئەکەن، ئەوەندە زوو ئەگەن ئەلێن ئەمسالٚ حاجیەکی بە سالاچوو کەوەختی خۆی کە کاتێ چووە بۆ حەج وەك چۆن جاران بە سواری حوشتر ئەرۆشتن، کە بە حەوشەووحەو رۆژ ئەگەشتن ئێستاش کە ئەبینێ بە تەیارە لە حەوشەکەی ماڵی خۆیانەوە بە سەعاتێك ئەیگەیەننە لای بەردە رەشەکە، ئەلێ وەللا ئەگەر بمزانیایە ئەوەنە رێگاکە کورت بووەتۆ بەپێ ئەهاتم!؟

حاجی جاران تا یەك دوو مانگ خەبەرودەنگی نەبوو هەندێك بە نەخۆشی لە خاکی غەریبایەتی سەری چۆتە ژێر گڵ، ئێستا لە سایەی عەولەمەدا، مۆبایل و لاپ تۆپیش ئەبەن و سات بەسات قسە ئەکەن لەگەڵ ماڵەوەدا وەك ئەوەی لە بەرەی جەنگدا بن و رەجمی شەیتانیش ئەکەن وئەشمرن و ئەشزانین و تەوافیش ئەکەن ومەسجیش ئەنێرن و سەفاو مەروەش ئەکەن و ئەنتەرنێتیش بەکار ئەهێنن، جاران پەنجەت بۆ مانگ درێژکردایە کافریان ئەکردیت ئێستا زاناکان ئەچنە سەرمانگ ونەزەری حەرامیش ئەکەن و کەسیش لۆمەیان ناکات، یان سەیارە حەرام و تەیارەشیان بە دروستکراوی غەیرەدین وەسف ئەکردکەچی ئێستا بەبێ تەیارە پرۆسەی حەجکردن رائەوەستێ و تەیارە شەرعێنراوە، بەلام نازانم ئەو موفتیانە بۆچی تۆزێ گۆرانکاری لە ئەو رەجمە نەعلەتیەدا ناکەن تا حاجیان لە جیاتی شەیتان رەجمی یەکتر نەکەن و بە ئاسانی رەجم بکەن، ئێ خۆ جاران نییە سێ هەزار کەس رەجمی کردبێ ئێستا سێ ملیۆنە.

واز لە بازرگانیکردن بهێنە کە حاجی واهەیە ساڵ نابوێرێ و وەجبە ئەباو وەجبە ئەهێنێ وەك قاچاچیەکانی تورکیاو یۆنان و پارەی کاش وەر ئەگرێ و کاسبی ئەکاو خۆیشی لێ بۆتە عەبدورڕەحمانی کوری عەوف (خ) و بەتەماشە لەوێ باخ و بوستانە خورما بکرێ (هەم زیارەت و هەم تیجارەت) سەرباری ئەو هەموو ئاسانکارییەی کە بۆحاجیانی ئەمرۆ ئەکرێ کەچی هیچیشمان بۆ ناهێننەوەودەس و دڵیان وەکو جاران نەماوە، ئاخر منالٚی جوانکیلە سیواك و خورمای بۆ چییە لەگەڵ رێزم بۆ پیرۆزیەکەیان؟! جاران کە لەحەج ئەگەرانەوە کورانی گەرەك ئەگەشانەوە. منالان و کورانی گەرەك قەرەوڵیان ئەگرت بۆ خواردن و نوقڵ

و کامێرای بچوکی حەجاج، ئێستە وەکو شتە نەختینەو گرانبەهاکان لەحەج ناهێنن لە شێخەڵاومەزادخانەکەی سلێمانی و هەولێر تەسبیح وسیواکی عادی و کامێرای منالان ئەکرن و ئەڵێن لەوێ هێناومانە، لە خاکی پیرۆزیش وەك بەسەر پشکۆوە بن بەپەلە پەل رەمی و رەجمی شەیتان ئەکەن و سەریان ئەشکێ و هەموو ساڵێك زۆرێکیان ئەبنە قوربانی پاڵەپەستۆو شانشانێی، باوکم کە دووساڵ لەسەریەك حەجی کرد پێم ووت ئەرێ تۆش بەو شێوەیە رەجمی شەیتانت کرد؟ یان حیلە شەرعیەکت تێداکرد؟ ووتی بەینی خۆمان بێ ئەمە بۆ رۆژنامە نیە ئاسۆ، لەبەرتۆ رەجمم نەکرد نەبا ئەو نەعلەتیە دوژمنایەتی بۆ تۆ بخوڵقێنێ و لێرە لە کوردستان توشی شەرێکت بکات؟! ئاخر پارو ئەمساڵیش لە هاتنەوەی حاجیان و تێکەڵاوبوونی جانتاودەبە زەمزەمەکان و دزی و دیارنەمانی بوخچەکانیاندا شەیتان تۆڵەی خۆی کردەوەو دەیان کورە جاجی لەسەروەزنی (کوللەحاجی) دا بەیەکدا و دڵی دەیان بریکارو سەرقافڵەی حاجیشی لەیەك تۆراند.

* گۆشەی (زووم) لە رۆژنامەی بەدرخان تایمز کە لە کوردستانی باشور دەرئەچێت، ژمارە 26